وەزیری ڕەشنبیری بانگهێشتنامەیەکی فەرمی پێشکەش بە ئەحمەد شەرع کرد

ئەحمەد فەکاك بەدرانی وەزیری ڕەشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی پێشکەش بە ئەحمەد شەرع سەرۆك کۆماری سوریا کرد بەمەبەستی بەشداریکردن لە لوتکەی عەرەبی کە بڕیارە لە 17ی مانگی داهاتو لە بەغدا بەڕێوەبچێت.

ئەحمەد فەکاك بەدرانی لە لەدوانێکیدا رایگەیاند، بە پشتبەستن بە ڕاسپاردنێکی عەبدوللەتیف رەشید سەرۆك کۆمار بانگهێشتنامەیەکمان گەیاندە ئەحمەد شەرع سەرۆك کۆماری سوریا بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی عەرەبی لە 17ی مانگی داهاتو لە بەغدا".

جەختیشیکردەوە کە "لوتکەی عەرەبی تاوتوێی ئەو ئاڵنگاریانە دەکات کە ڕوبەڕووی نەتەوەی عەرەبی دەبنەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە پەراوێزی سەردانەکەیدا بۆ دیمەشق، لەگەڵ وەزیری ڕەشنبیری سوریا کۆبوەتەوە و باسیان لە بەرزکردنەوەی هاوکارییە کولتوریییەکانی نێوان هەردو وڵات

کردوه".